**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سـەرۆك**

پـشت بـەو یاسـایەی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتان– عـیراق داینـاوەو بـەپێی حـوکمی مـادە دە/یەکەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردســــــتان– عـیراق، ئـەم یاسایەمان دەرچواند:

# یاسای ژمارە( ١٤ )ی ساڵی / ٢٠٠٦
# یاسای وەزارەتی گەیاندن لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم**: **هەرێم**: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم**: **وەزارەت**: وەزارەتی گەیاندن لە هەرێم.

**سێیەم**: **وەزیر**: وەزیری گەیاندن لە هەرێم.

**چوارەم**: **بریکاری وەزارەت**: بریکاری وەزارەتی گەیاندن لە هەرێم.

**پێنجەم**: **ئەنجومەن**: ئەنجومەنی راوێژکاریی گەیاندن.

## ئەرکوفرمانی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

**ئامانجی وەزارەت ئەمانەی خوارەوەیە:**

**یەکەم**: دابینکردنی ئیدارەو وەگەڕخستن و پارێزگاری و گەشـەپێدانی ئامێرەکـانی بەددالـەو تۆڕەکـانی هێڵی تەلەفۆنی تەلدارو تەلەفۆنی گەرۆك وئامرازەکانی تری گەیاندن لە وێستگەکانی هەرێمدا بە قەوارەی گونجاو.

**دووەم**: بنیادنان و رێکخستن وگەشەپێدانی گەیاندن، بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ وکێبڵی رووناکی و دەزگـای پێکەوەبەسـتنی دەرەکـی لـە نێـوان شـارەکانی هـەرێم و پارێزگاکـانی عێـراق و، بەستنیشیان بە جیهانی دەرەوە بەپێی کەڵك و سوودو پێداویستی.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**سـێیەم**: بنیادنـان و رێكخـستن و گەشـەپێدانی بنكـەكانی پۆسـتەو، دەركردنـی پـوولی پۆسـتەو، پێشكەشكردنی خزمەتی پۆستەكاری بەبەكارهێنانی سیستەمی پۆستەی خێراو پێشكەوتوو لەشارەكانی هەرێمدا، بەجۆرێ كە هەموو هۆیەكانی گەیاندنی پۆستەیی تێدا فەراهەم بێت.

**چوارەم**: بنیادنان و رێكخستن و گەشەپێدانی تۆڕەكانی زانیاری و ئینتەرنێت لەشارەكانی هەرێمدا.

**پێنجـەم**: رێكخـستنی لەرەلـەر(الـترددات) ی بـەكارهێزاو لـە سیـستەمەكانی گەیانـدنی دەنـگ وڕەنگـدا بەكاردەهێنرێن.

**شەشـەم**: مۆلەنـدان بـە هـەموو دەسـگاكانی(المرافـق)تایبـەت بـە گەیانـدن و پۆسـتە لـە كۆمپانیـا وەبەرهێنـەكانی نـاوخۆو دەرەوەدا. هـەروەها سەرپەرشـێتكردن و بەدوواداچـونیان، ئـەوەش بەپێی هەنـدێ رێككـاری وگرێبەسـتی یاسـایی كـە نێـوان وەزارەت و كۆمپانیـا وەبەرهێنەكانـدا ئەنجام دەدرێ. وەزارەتیش، ناشێ هیچ مەرجێك لـەو كۆمپانیانـە قبـوڵ بكـات كەببێتـە مایـەی قۆرخكاری.

## پێكهاتەكانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

**یەكەم**: **وەزیر**: سـەرۆكی بـاڵاو ، بەرپرسـی ئـیش وكـارو ئاڕاسـتەكردنی سیاسـەت وسەرپەرشـتیكردن و چاودیری وەزارەتەكەیەو، هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییەكیش كە پێوەندییان بە ئەركوفرمان و پێكهاتەو سەڵاحییات و كاروباری دیكەی هونەری ودارایی وئیـداری ورێكخـستنی وەزارەتەكـەوە هەیە، بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، لەوەزیرەوە دەردەچن و، وەزیر لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسە، چونكە خۆیشی ئەندامێكی هاوكاری ئەو ئەنجومەنەیـە وبـۆی هەیـە هەنـدێ لەدەسـەلاتەكانی بـە بریكـاری وەزارەت یـان بەرێوەبەرەگـشتیەكان یـان ئەوكەسـەی بەچـاكی دەزانێ بدان.

**دووەم**:**بریكاری وەزارەت**: لە چوار چێوەی ئەو دەسەڵاتەیدا كە پێی دەسپێردرێ یاریدەی وەزیـر دەدات ، لە ئاراستەكردنی وەزارەت و سەرپەرشتیكردنی كاروبارەكانیدا.

**سێیەم**: **نووسینگەی وەزیر**: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆكایەتیی دەكا، بڕوانامەی زانكۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**چوارەم**: **نووسینگەی بریكاری وەزارەت**: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانكۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم**: **راوێژكارەكان**: لە چواركەس زیاتر نابن، مەرجیشە بڕوانامەی زانكۆیـان هـەبێ و، خـاوەن ئەزموون و كارامە بن.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری بەڕێوەردن ودارایی:** بەڕێوەبەرێکی گشتیی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**حەوتەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خزمەتگوزاریی پۆستەو پاشەکەوتکردن:** فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ وخاوەن ئەزموون پسپۆڕ بێت.

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەیاندن:** بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** لەوەزارەتدا ئەنجومەنێکی ڕاوێژکار پێك دێت بەناوی(ئەنجومەنی گەیاندن) بەسەرۆکایەتیی وەزیر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- **بریکاری وەزارەت:** جێگری سەرۆکە.
٢- **بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری بەڕێوەبردن ودارایی:** ئەندام.
٣- **بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی گەیاندن:** ئەندام.
٤- **بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون:** ئەندام.
٥- **بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی:** ئەندام.
٦- **ڕاوێژکارانی وەزارەت:** ئەندامن.
٧- **ئەندامێك، یان زیاتر،** وەزیر لەناوەوە، یان لەدەرەوەی وەزارەتەکە دەیپاڵێوێ.

**دووەم:** ئەرکوفرمانی ئەنجومەن:

**١-** ئامادەکردن و داڕشتنی ئامانجە گشتییەکانی پلانەکانی وەزارەت لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**٢-** گفتوگۆکردن لەسەر پلانە سەرەتاییەکان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوونەوە ئامادە کراون لەسەر ڕۆشنایی ئەو پلانانەی کە لەلایەن پێکهاتەکانی وەزارەتەوە پێشکەش کراون، وبڕیاری سەرەتاییان لەسەر دەداو بەدوای جێبەجێکردنیان دەچێ.

**٣-** پێشنیازکردنی پلانە گشتییەکانی گەیاندن و بەرنامەکانی وەگەڕخستن وخستنەبازاڕ ودارایی و ئابووری.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٤- گفتوگۆكردن لەسەر ڕاپۆرتی خولاوخولی گشتیی( الدوری العام) وەزارەت كە نووسینگەی پلاندانان و بەدواداچوون ئامادەی دەكاو، ئنجا هەر تێبینی وڕێنماییەكیش لەو بارەیەوە، بەباشی بزانێ دەیخاتە ڕوو.

٥- لێكۆڵینەوەی ئەو پرۆژەو یاساو پێڕۆو ڕێنماییانەی كە پێوەندیان بە ئیش و كارو ئامانجەكانی وەزارەتەوە هەیە، ئنجا هەر تێبینی و ڕێنماییەكیش لەو بارەیەوە بەگونجاوی بزانێ دەیخاتە ڕوو.

٦- لێكۆڵینەوەی هەر بابەتێك كە وەزیر بیخاتە ڕووی، رای خۆیشی لەسەر دەداو، پێشنیازو ڕاسپاردەی لەباریشی لەسەر پێشكەش دەكات.

٧- سەرپەرشتی كردنی كەرتی گەیاندن بەهەردوو تای گشتی و تایبەتیەوە.

٨- كردنەوەی پەیمانگاو خولی پێگەیاندن (تأهیل)و ئامادەكردنی پسپۆڕ لەبواری گەیاندن و تەكنیكی زانیاریدا، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندداره‌كاندا.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم**: ئەركوفرمان ودەسەڵاتە تایبەتمەندەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕۆ دیار دەكرێن .

**دووەم**: وەزیر بۆی هەیە ،ڕێنمایی پێویست،بۆ جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەر بكات.

**سێیەم**: وەزیر بۆی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی و بەشەكانی وەزارەت، بەپێی پێداویستی كارەكانیان، بكاتەوە یان یەكیانبخات، یان پوچەڵیان بكاتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

هەر دەقێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ، كاری پێ ناكرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر وەزیرەكان و، لایەنە پێوەنددارەكان ، حوكمەكانی ئەم یاسایەجێ بەجێ بكەن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەكرێ و، لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان )دا بڵاودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عیراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان

لە رۆژی ( ٢٠٠٦/١١/٢١)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٣٠/ گەلاڕێزان /٢٧٠٦ ی كوردی

www.mojkurdistan.com

**- هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە -**

لەبەر ئەوەی كە لە هەرێمدا وەزارەتی گەیاندن، تازە دانراوەو، لە پێناوی بنیادنان و رێكخستن و پەرەپێدانی تۆڕی گەیاندندا بە بەكارهێنانی تەكنۆلۆجیای نوێ و ئەو لەرەلەرانە( الترددات)ی لە سیستەمەكانی گەیاندنی دەنگ و ڕەنگدا بەكاردەخرێن و، بۆ ئەوەش كە ئەوكارانە زامن بكرێن و، بەرپرسێتیی گەیاندنیش بە وەزارەتێكی تایبەت بسپێردرێت لە هەریمدا، لەبەر ئەوە، بەپێویست زانرا، یاسایەك دابنرێ كە پێكهاتەو ئەركوفرمان و ئامانجەكانی ئەم وەزارەتەو بەڕێوەبەرایەتیەكانی دیار بكات، جا، بۆ وەدی هێنانی ئەوانەی سەرەوە، ئەم یاسایە دانرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com